# وەرزی شۆڕشە سوورەکان

عەلی مەحموود محەمەد

پار ساڵ بابەتێکم لەسەر شۆڕشە پەمبەییەکەی قیرغیزیا نووسی , هاوڕێیەکی ناسیۆنالستی کۆنە پاسۆکم , لە نەمساوە ئیمەیلێکی دەستخۆشی بۆناردم , وام زانی شۆخیم لەگەڵ دەکات و بە بابەتەکەم ڕادەبوێرێت , چونکە چەندە ناسیۆنالیزم ڕێژەکەی لە خوێندا بەرزتر ببێتەوە , ئەوەندە دابڕان لە دەرەوەی سنوور و خۆ قەتیسکردن بە هەموو شتێکی خۆماڵی لە شانەکانی جەستەیدا بەرز دەبێتەوە , کە وەڵامی ئەو هاوڕێیەم دایەوە , بە پێکەنینەوە وتم : چۆن بوو وا دەستخۆشیت لێمکرد . لە وەڵامدا وتی : چونکە نەفەسێکت داوە بە ژیان , لە کۆتاییدا نووسیوتە ئەم شۆڕشە ڕەنگاو ڕەنگانە بەردەوام دەبێت , تاکو نۆرە دەگاتە سەر هەموو ڕەنگەکان .

ڕێك وا دەرچوو , ئەو شۆڕشانە زۆریان بە بن بەست گەیشتن , پرتەقاڵی لە ئۆکراین هەڵوەشایەوە , زەرد لە جۆرجیا بەرەو وشك بونەوە دەچێت , پەمبەییەکەی قیرغیزیا بە سووری هاتەوە سەری هەڵدایەوە .

ماوەی پێشوو , زەمەنی زیندو بونەوەو ژیانەوەو گوڵکردنی شۆڕشە سوورەکان بوو لە جیهان , لە هیندستانەوە بۆ بەرازیل , لە نیپالەوە بۆ پیرۆ و مەکسیك .

لە هیندستان لە هەندێك ولایەتدا , چەپەکان لەوەتەی هەن دەنگ و ڕەنگیان نەبیستراوە , کەچی ئێستا بوون بە خاوەندی کورسی خۆیان , بوون بە خاوەند مینبەر لە پەرلەمانە هەرێمییەکان .

لە بەنگالی ڕۆژئاوا چەپەکان زیاتر لە 75٪ دەنگەکانیان حەڵاڵ کرد " 235 لە 293" , لە کیرالا دوو لەسەر سێی دەنگەکانیان بردەوە " 98 لە 140 " , لە تامیل نادۆ بۆ یەکەمینجار چوونە حکوومەتەوە , 95٪ دەنگی حکومەتی تریبۆایان بردەوە , لە ویلایەتی ئوسام بۆیەکەمجار کورسییەکیان لە پەرلەمانی هەرێمایەتی بەدەست هێنا .

لە نیپاڵیش پادشایەتی نقەی لەبەر براوە , بە ڕێککەوتن چەپەکان زیاتر لە 60٪ کورسی ئەو پەرلەمانە کاتییەیان مسۆگەرکرد , کە بڕیار وایە دەستوور بۆ وڵات داڕێژێت .

لە کیرغیزستان وەرز گەیشتە سەر شۆڕشی سوور , دار و بەردی ئەم وڵاتەی لە پەمبەییەوە گۆڕی بۆ سوور , تەنانەت خێوەتە هەڵدراوەکانی سەر شەقامەکانیش ڕەنگی گولیلکە سورەکانی ژیانیان هەڵگرت .

دوای سەرکەوتنەکانی چەپلە ئیتاڵیا و ئیسپانیا و پورتوگال , شانسی سەرکەوتنی چەپ لە فەرەنسا و هۆڵەندە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەرزبوونەوەیە .

لە ئامەریکای لاتین چەپ بە قەڵەمبازی فرسەخی بۆ بان هەڵدەکشێت , لە دەرگای ئەمەریکا دەدات , بە هەزار فرت و فێڵ ڕاستەکان لە مەکسیك دەسەڵاتیان لە ئۆبرا ڕفاند و کۆمۆنەی ئۆکساوایان تێك شکاند , کە لە بری پرۆلیتاریا مامۆستایان قارەمان و ئاڵاهەڵگری بوون .

لە بەرازیل لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکاندا , جەمسەربەندی چینایەتی لەو کۆمەڵگا نادادپەروەرەدا گەیشتە لوتکە و پۆپەی خۆی , هەموو ناوچەو هاووڵاتیانی ئەم وڵاتە بوون بە دووبەرەی گەورەوە ,

جێگەیەك بۆ ناوەند لەو نێوەدا نەمایەوە , بەرەی چەپ بە 61٪ لە گەورەترین هێزی ئەمەریکای لاتین و یەکێك لە جەمسەرەکانی دەیان ساڵی داهاتووی جیهان بردیانەوە .

لە پیرۆ بە ئەلتەرناتیفێکی ناویست ڕاستەکان بە ناچاری ڕازی بوون بە ئەلتەرناتیفێك کە تادوێنی نەیاری سەرسەختی بوون , لەترسی پەرەگرتنی بیری پۆپۆلیزم , لە ئیکوادۆر چەپ نەشگات بە کورسی دەسەلات , ئەوا ئەو هێزە کاریگەرمیە , هەرکاتێك بیەوێت سەرۆکی هەڵبژێردراو بۆ ماڵەوە دەنێرێتەوە , ساندنیستەکانیش دوای 16 ساڵ لە دەرچونیان لە دەسەلات , بۆ گوڵ کەوتنەوە سەما و بردیانەوە .

بەگشتی بێ سڵەمینەوە دەتوانیین بڵێین , هەموو شکست و پاشەکشەیەك هەڵسانەوەی لەگەڵدایە , شۆڕشە ڕەنگاو ڕەنگەکان لە دەرەوەی جیهانی ئیسلامی پێگەیون , پشکی شێریان بەر سوور کەوتووە , کاتی ئەوە هاتووە هەموو بۆی بێینە سەما .